# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٨٨ | دووشەممە، ١٥ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ _ ٣ی فێورییەی ٢٠٢٥

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


## کەمپینی مافی مرۆڤی ئێران:

## کورد، عەرەب و بەلووچ قوربانیانی سەرەکیی سەرکوتی سیستماتیک لە ئێرانن



نوێترین ڕاپۆرتەکانی کەمپینی مافی مرۆڤی ئێران باس لەوە دەکەن کە گرتن و سەرکوتی سیستماتیکی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد، بەلووچ و عەرەب هەروەک پێشوو درێژەی هەیە. ئەم کەمپینە بە پشتبەستن بە تازەترین ئامارەکانی گرتنی سەرەڕۆیانەی چالاکانی مەدەنی و سزادانیان بە زیندانی درێژخایەن، زۆربوونی ئێعدامەکان و سەرکوتی بەربڵاوی ماف و ئازادییە سیاسییەکان ڕایگەیاندوە کە کورد، بەڵووچ و عەرەب لە ڕیزی پێشەوە سەرکوتکارییەکانی کۆماری ئیسلامین. سەرکوتکارییەکانی کۆماری ئیسلامین. وردەکاریی ئامارەکان ئەمە دەردەخا دوای مانگرتنە گشتییەکانی کوردستان ڕەوتی بانگکردن و دەسبەسەرکردنی چالاکانی مەدەنی لە شارەکانی کوردستان زیاتر بووە

چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران داوا لە کۆمەڵگەی جیهانی، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەکەن بە سزادانی ئامانجداری ئەو کاربەدەستانەی ئێران کە جێبەجێکاری سیاسەتەکانی سەرکوت و پێشێلکردنی مافی مرۆڤن، یارمەتی بە باشبوونی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بکەن.

## خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران:

# جۆرج تاون پرۆژەی لێدان لە کولتووری ڕێکخستنی خەڵک و حیزبایەتی بوو




## بەرزڕاگرتنی یادی کۆماری کوردستان لە چەند ڕێوڕەسمێکی بەشکۆد



ڕۆژی چواشەممە، ٣ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ٧٩یەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا، کاک مستەفا مەولوودی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەم بۆنەوە پەیامێکی پێشکەش کرد. بەڕێزیان وێڕای پیرۆزبایی ئەم یادە لە بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تیشکی خستە سەر پەیام و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان کە تا ئێستا هەم حیزبی دێموکرات و هەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پێی وەفادارن و وەک ڕێچکەیەکی وڵامدەر بۆ ویست و داخوازییەکانی سەردەمی ئێستای بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان قسەی لەسەر کردن.

لە درێژەی ڕێوڕەسمی یادی ٧٩ ساڵەی کۆماری کوردستان لە نێو پێشمەرگەکانی کوردستاندا، لەلایەن بەڕێزان؛ کاک کاوە بەهرامی، بەرپرسی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کاک محەممەدساڵح قادری، بەرپرسی نوێنەرایەتیی حیزب لە شاری هەولێر خەڵات و لەوحی ڕێزلێنان بەسەر کۆمەڵێک لە بەشدارانی دەورەی فێرکاری و هەروەها مامۆستایانی دەورەدا دابەش کرا کە لەلایەن بەشدارانی ڕێوڕەسمەکەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا. نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکە بە چەند تابلۆیەکی جوانی هونەریی هەڵپەڕکێ و گۆرانی و سروودی نیشتمانی کە لەلایەن کۆڕی هونەریی حیزبەوە ئامادە کرابوو ڕازێندرابۆوە.

شایانی باسە جیا لە ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بەو ڕۆژە لە دەرەوەی وڵات، لە کوردستان لە ناوەندی ٣ی کوردستان و، هەروەها بە دەسپێشخەریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێوڕەسمێکی تایبەتیش لە شاری هەولێر بەڕێوە چوون.

# بەردەوامیی ڕێ و ڕێبازێک

**سپاسنامەی ناوەندی تەشکیلاتی حیزب بەبۆنەی بەڕێوەچوونی کۆڕ و چالاکییەکانی تایبەت بە٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان**

**ڕێبوارانی ڕێبازی پڕشانازیی کۆماری کوردستان!**
**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**
**بەڕێوەبەران و ڕێکخەرانی چالاکی و ڕێوڕەسمەکانی ٢ی ڕێبەندان!**

بەناوی ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سەبارەت بە بەڕێوەچوونی سەرکەوتوانەی چالاکییەکان و ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان، ٧٩یەمین ساڵڕۆژی کۆماری کوردستان، پڕبەدڵ سپاسی هەوڵ و تێکۆشانتان دەکەین و ماندوونەبوونیتان لێ دەکەین.

ئەگەرچی کۆماری کوردستان وەکوو یەکەمین کیانی سیاسی و خۆبەڕێوەبەریی کورد، یەک لە دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانە بەڵام لە ڕاستیدا لە ڕیزی یەکێک لە بۆنە نەتەوەییەکانی کوردستان دێتە ئەژمار و نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان ساڵانە یادی دەکەنەوە و ڕێز لە ساڵڕۆژی دامەزرانی کوماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد وەکوو یەکەم سەرکۆماری کوردستان دەگرن.

ئەمساڵ بە نەریتی ساڵانی پێشتر و پتر لە جارانیش لە هەموو بەشەکانی کوردستان و لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان و بەتایبەت لە زۆرێک لە وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا، زۆر ڕێوڕەسم، چالاکی و سیمیناری تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان بەڕێوەچوون کە هەرکام لە جێی خۆیدا باش و بەکەڵک و پڕنێوەرۆک بوون.

لە ڕۆژهەڵات، شوێنی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بەداخەوە بەهۆی سەرکوت و دەسەڵاتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی ڕێگا نادرێ کە بەشێوەیەکی ئاشکرا و ئازادانە یادی ئەو کۆمارە مەزنە بکرێتەوە، بۆیە لەوبوارەدا ئەرکی یادکردنەوەی ٢ی ڕێبەندان زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنیی حیزبی دێموکرات، کە بەخۆشییەوە هاوڕێیانی نێوخۆ ئەمساڵیش وەکوو ساڵانی پێشوو، بە باشترین شێوە ئەرکی خۆیان بەجێ گەیاند.

جێی ئەماژەپێدانە کە لە ڕێوڕەسمەکانی ئەمساڵی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، زۆرێک لە کەسایەتییە سیاسی، ئەدەبی و هونەرییەکانی گەلەکەمان بەشدار بوون و گڕوتینێکی تایبەتیان بە کۆڕوکۆبوونەوەکان بەخشی کە جێی سەرنج و خۆشحاڵییە.

ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای ماندوونەبوونی، زۆر بەگەرمی سپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکا کە لەنێوخۆ و دەرەوەی کوردستان بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، ئەرکی خۆیان بە باشترین شێوە بەجێگەیاندووە.

بەهیوای وەدیهاتنی ئامانج و ئاواتەکانی کۆماری کوردستان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی تەشکیلات**
**١٢ی ڕێبەندانی ١٤٠٣**


**«دەیەی فەجر»ی ڕێژیم و چوار دەیە زەجری خەڵک**
عەلی بداغی
٤

**تاوان و تاڵانی ئابووری، کارنامەی پڕدیاری ڕێژیم**
شەماڵ تەرغیبی
٥

**کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئایدیاوە هەتا سیستەم**
ڕەزا محەممەدئەمینی
٦

**دووانەی وەهم و ترس، نوێژی مردوو بە جلیقەی گوللەنەبر!**
ڕەزا دانشجوو
٨

**کرماشان، لە هەناوی ژێئۆپۆلۆتیکی کوردستان‌دا**
پژمان شەریعەتی
١٠

